Finlands Committe of komala party - Iranian kurdista

......... ..................................2006.05.03..........................................................

# ڕێورەسمی یەکی ئەیار لەوڵاتی فینلاند

ڕۆژی 1ی ئەیار واتە ڕۆژی هاوپشتی جیهانی کریکاران، لە وڵاتی فینلاند ، لە شاری هێلسینکی کە بە بەشداری زیاتر لە 3000 کەس پێک هاتبوو، لە لایەن ئیتحادیەی (نەقابە) کرێکارانی چەپ و سۆسیالیست بە گەرمی پێشوازی لێکرا. بەشداربووان هەر وەک سالانی پێشوو لە یەکێ لە مەیدانەکانی شاری هێلسینکی بە ناوی: Hakaniemiهاکانییێمی ، ڕێپێوانیان دەست پێکرد بەرەو Rawtatieasema ڕاوتاتییێ ئاسێما، واتە ئیزگەی قەتار.

لە ماوەی ڕێپێوانەکەدا خەلکەکە شوعاریان دەدا و داوای مافە ڕەواکانی خۆیان دەکرد. بۆ وێنە سەرکەوتوو بێ بزوتنەوەی کرێکاری، کرێکارانی جیهان یەک گرن، بژی ڕۆژی کرێکار. پاشان هەموو لە ئیزگەی قەتار کۆبوونەوە و کۆڕی سەما و شانۆ کارەکانی خۆیان پێشکەش کرد وە سروودی ئەنترناسیۆنال لە لایەن کۆڕی سرود خوێندرایەوە. هەروەها لە لایەنSAK واتە فێدراسیۆنی سەراسەری ئیتحادیەی کرێکارانی فینلاند، وتارێک پێش کەش کرا. جێگەی سرنجە لە ناو پەیامەکەدا ئاماژە بە پرۆژەی ئەتۆمی ئێران کرا بەم شێوە کە: ئەم پرۆژەیە زۆر جێگەی مەترسیە بەڵام ئێمە خۆزیاری ئەوەین تا دەکرێ لە ڕێگەی ئاشتیخوازانە و دوور لە هێرشی چەکداری ئەم کێشەیە چارە سەر بکرێت . کۆمەڵەش هەر وەک سالانی پێشوو شان بە شانی هەموو ڕێکخراوە چەپ و سۆسیالیستەکان چالاکی هەبوو، وە بە زمانی کوردی، فارسی و فینلاندی، تراکت و پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان و پەیامی کومیتەی سکاندیناوی لە ناو جەماوەردا بڵاو کرایەوە. کۆبوونەوەکە، کە لە ساعەت 11ی پێش نیوەڕۆ بە ڕێپێوان دەستی پێکرد، لە ساعەت 2ی دۆانیوەڕۆ کۆتایی پێهات.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمتکێشانی کوردستانی ئێران کومیتەی فینلاند 03-05-2006

..............................................................................................................................

E.mail : komala05_finland@yahoo.com











